کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-7-2007 23:42 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**(ماڵی خانزاد) و سووکایەتیکردن بە ژن! ... تاڤگەسابیر**



ماڵی خانزاد یەکێکە لەو دامەزراوە، یان ئەو سەنتەر و ڕاکخراوانەی کە بە ناوی بەرگریکردن لە کێشەکانی ژنان دامەزراوە، بەش بە حاڵی خۆم زۆر پشتیوانی هەر هەوڵێك دەکەم کە خزمەت بگەیێنێتە کێشەی ژن، وببێتە مایەی سووك بوونی باری قورسی چەوسانەوەو ناعەدالەتی بەرامبەر ژنان، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە هەر ڕێکخراوێك یان سەنتەرێك یان یەکێتیەکی ژنان بێت یان ئافرەتان خزمەت بە کێشەی ژن بکات، زۆرن ئەو ڕێکخراووناوەندانەی کە هەر لە بنچینەدا بۆ شێواندنی کێشە ژن دروست بوونە، لەوانە و لە پێش هەمووشیانەوە ئەو ڕێکخراوانەی ژنان و ئافرەتان کە لەلایەن حیزبە ئیسلامیە کۆنەپەرستەکان دامەزراون، کە بە ئاشکرا بۆ ئەوە دامەزراون کە شەرعیەت بدەنە (فرەژنی، ژن بە پلە دوو سەیر بکرێ، خۆشەویستی حەرام بکرێ، ڕێگە بدرێ بە پیاو بە بیانووی پاراستنی شەرەف ژن بکوژێ... هتد) لەوانەیە تا ڕادەیەك ئەم ڕێکخراوە ئیسلامیانە گلەییان لێ نەکرێ چونکە خۆیان بە قەناعەتی خۆیان ئەم بیروبۆچوونە کۆنەپەرستانەیان هەیە، مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە ئیسلامیەکان ئەگەر بیرو بۆچوونەکانیان بە دڵی ئێمە نەبێ و بیروباوەریان بەسەرچووبێت و هی سەردەمە تاریکەکان بێت بەڵام خۆ ئەوان درۆ لەگەڵ خۆیان ناکەن ڕاست و ڕەوان ئەڵێن ژن زەعیفەیە 2ژن لە شەرع شاهێدی دان بەیەك کەس حساب ئەکرێ، فرەژنی خواوفورئان ڕێگەی پێداوە شەرەف و ناموس پەرستی خۆی لە خۆیا دینارییە و... هتد بەڵام لێرەدا قسەمان لەسەر ئەم ڕێکخراو یان ئەو سەنتەرانە هەیە کە خۆیان بە پێشکەوتووخواز عەلمانی دەزانن و وا خۆیان ناساندووە، کەچی کە لێیان نزیك ئەبیتەوزەو شارەزایان ئەبێت زۆر لە ڕێکخراوە ئیسلامیەکان زیاتر سووکایەتی بە ژن ئەکەن لەوانەش وەك لەسەرەتا ئاماژەم پێداوە (ماڵی خانزادە) .

من لە ساڵی 2004 سەردانی کوردستانم کرد چوومە زۆر لەو شوێنانەی کە بە ناو گرنگی بە کێشەکانی ژنان دەدەن، یەکێك لەم شوێنانە ماڵی خانزاد بوو، کە لێپرساوی ئەم ماڵە ناوی (ئەڤین) ە، پاش سەردانم و قسە و باس و لێکۆڵینەوەم بۆم دەرکەوت لەم ماڵەی خانزاد جگە لە سووکایەتی پێکردن بە ژنان و فرۆشتن یان و بەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندی شەخسی (ئەڤین) هیچیتر ناکەن، لەوانە کێشەی (هەژار) بەبیر ئەڤین دێنمەوە کە دوای ئەوەی کچێکی هەژار و لە بنەماڵەیەکی کەم دەرامەت لەلایەن کوڕە مەسئولەکانەوە کاری سێکسی بە زۆری لە گەڵ دەکرێ ماڵەوەیان پێی ئەزانێت لە ماڵەوە را دەکا لەم حاڵەتەدا کوڕێك بە ناوی هەژار بە هانای ئەم کچەوە ئەچێت و 2دووشەو ئەیباتەوە ماڵی خوشکی خۆی پاشان تەسلیمی پۆلیسی ئەکات و هەژاریش خۆیشی ئەگیرێت و ئەم کچەش تەسلیمی (ماڵی خانزاد) ئەکرێ بۆ پاراستنی ژیانی بەڵام بە شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئەم کچە ئەکەن و وەك کۆیلە سەیری ئەکەن، بە هەر حاڵ هەژار لە سجن بۆ ئەوەی کێشەکە کۆتایی پێ بێت ڕەزامەندی ئەنوێنێ کە کچەکە مارە بکات و بیکاتە هاوسەری خۆی، من خۆشم سەردانس سجنی (محتە) ی هەولێرم کرد بە سوپاسەوە بەرپرسانی بەندیخانە هاوکاریان کردم بۆ بینینی ئەو کوڕە منیش ئەمویست دڵنیابم ئایا ڕاستە ئەم کوڕە ئەیەوێ بە ڕاستی ئەم کچە بکاتە هاوسەری خۆی کە بینیم ووتی بەڵێ ئامادەم بە دڵ و بە گیان ئەم کچە بکەمە هاوسەری خۆم پێی ڕازیم بەڵام (ئەڤین) خانی بەرپرسی ماڵی خانزاد) داوای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

23:42 23-7-2007 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

30. 000سی هەزاردیناری سویسریم لێ دەکا بۆ خۆی!!! زۆرم لەلا سەیربوو ئەمماڵی خانزادە ئەیەوێ هاوکاری چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان بکا یان خۆی ئەیەوێ بازرگانی بە ژنان بکا!! لەوەش سەیرتر کچێکی منالی هەرزەکار کە ئەویش لە ماڵی باوکی دوور کەوتبۆوە بە هۆی کێشەی خێزانی و کێشەی کۆمەڵایەتی، ئەویش (ئەڤین) ئیشی کارەکەری و خزمەتکاری پێدەکرد پاشانیش تەسلیمی ماڵێ مامی کردبۆوە بێ ئەوەی ویژدانی هەبێت کە ئاخۆ ئەکچە لەت و پەت ئەکەن یان نا؟؟؟!!!پاش چەند رۆژێك بیستمەوە کە یەکێتی ئافرەتان ئەم کچە منالەی بردۆتەوە لای خۆی لەبەر مەترسی کوشتن لەلایەن بنەماڵەکەی منیش چوومە یەکێتی ئافرەتان ئەو کچەم بینیەوە هەر چاوی بە من کەوت لە دوورەوە باوەشی پیاکردم و ووتی بزانە (ئەڤین) چی بەسەر هێنام... من ئەو کاتە لەسەر ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانەی (ماڵی خانزاد) سکاڵایەکم پێشکەشی وەزیری ئەوکاتەی مافی مرۆڤ کرد بەڵام (هەر کوێشی بە سکاڵاکەم نەدا تومەز جەنابی وەزیر خۆی پشتیوانی ئەڤین و ماڵی خانزاد ئەکا!!) ئەگەر چ ئەڤین یان هەر کەسێك لە ماڵی خانزاد بڵێن ئەم قسانەم راست نیە ئەوا من بە وێنە و دیکۆمێنت ئەیسەلمێنم کە هەمووی راستە و، با یان واز بێنن لەم ماڵە کە بۆ ژنان بۆتە زیندان وبۆتە جێگەی سوکایەتی پێکردن و کڕین و فرۆشتنی ژنان، ئەگەر راست ئەکەن با بەراستی هاوکاری ژنان بکەن و حورمەت و کەرامەتی ئەو ژنانە بپارێزن کە کێشەیان هەیە و پەنایان بۆ ئەو ماڵە بردووە؟!

سوێد 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.